# کاوێز مەلا پەروێز، لە کوێیت؟

کاک کاوێز مەلا پەروێز یەکێکە لە نووسەرە بەتواناکانی کوردستان نێت، وەک خۆتان دەیزانن بەڕێزی بوێرانە لە شاری کەرکوکەوە هەواڵ و نووسینی بە پێز دەنێرێت بۆ کوردستان نێت و نووسینەکانی لە لاپەڕەیەکی تایبەتدا کۆکراونەتەوە کە ئەمە ناونیشانی لاپەڕە تایبەتیەکەیەتی: http://www.kurdistannet.us/kawez.

ئەوە بۆ مانگێک دەچێت کە بەڕێزی هیچ دەنگ و سەنگێکی نیە، زۆرم خەمە بەڵام دەستم تێ ناچێت ئیمەیلێکی بۆ بکەم، چونکە کەرکوک ئێستا جێگایەکی زۆر ترسناکە بەتایبەتی بۆ کوردی خاوەن هەڵوێست. بەڕێزی نووسینێکی بڵاوکردەوە لە ڕۆژی 2004/05/22دا کە ناونیشانی بابەتەکەی (کورد دەبێتە دەوڵەت)ە و زۆر دڵخۆشکەرە چونکە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی نە خەونە نە وڕێنە وە ئەوەی بڕوای بە دەوڵەتی کوردی نەبێت یان گێلە یان داگیرکەرە. منیش حەزم کرد دەستخۆشیەکی گەرمی لێ بکەم بۆ نووسینی ئەم بابەتە جوانە و هەواڵێکی بپرسم، چونکە زۆر خەممە.

کاکە گیان گەر دەتووانیت وەڵامێکی من و هەموو خوێنەرانی بابەتە بەپێزەکانت لە کەرکوکی دڵی کوردستانەوە بدەیتەوە و سڵاویشم بگەیەنی بە یەکەم پەرستگای کوردان (بابە گوڕگوڕ) زۆر سوپاست دەکەم. هیوای تەندرووستی باش و لەش ساغی هەمیشەیی بۆت.

هەر بژین بۆ کورد